# کتێبی پیرۆزی ئاشقان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کتێبی پیرۆزی ئاشقان

**کەریم دەشتی**



ناوی کتێب: کتێبی پیرۆزی ئاشقان – شیعر
شیعری: کەریم دەشتی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٠٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ڕەزا ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٩٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## کتێبی سەما

## مردن لە سەما

من بەو سەمایە دەژیم لە باڵی فڕندە پێدەکرێ
تا ئەبەد ئاگری فرمێسک و خەم دەگرێ
گەڵا وەک تەمی دوور وەک ئاڵتون
تەک تەکی درەختی دارستان دادەگرێ
ئەوان بەو سەمایە دەژین و رادەبرن
کە مرۆڤ دەبوایە لەو سەمایە بمرێ





## سەمای وەرین

ئەو رۆژەی راوچییان تووڕەو توند
لە شەبەیخوونێکی بێ ئامان
بە بازووی کوتراوی خوێناوی
تیری خۆیان سمییە مەلە جوانەکانی ناو ری رێی ئاسمان
من بینیم چۆن گەڵا دەوەری
وەک پەڕی فڕفڕۆک لە ئاسمان دەسووڕێ بۆ تەمی کۆتایی
ئەوانیش ئا وەها بۆناو باوەشی خاک دەسووڕان
دەسووڕان  دەسووڕان  دەسووڕان
چەند سەختە سەمای جوان .. ئای سەمای جوان
ئەوسا بوو کە زانیم گەڵا و مەل قەدەریان وەک یەکە
لە مەرگ و هەیبەتی ترۆپک و بەرزایی

# هەمیشە سەما

من بینیم شووشەی مانگ وەک دڵی من شکاو
تۆ هێشتا لە سەمای ناوچەی تەمتومان نەکەوتی
سەمایێ لە ئاوی نورانی
لە ئاونگی روونی سپێدان
لە شەوق و شەباقەی مەرگی جاویدانی
خودایە چەند جوانە ئەم پشییە سەمایە
سەمایێکی سەختە لە مەرگی گەڵاو مەل
بەناو ئەم دارستانە چڕەی ناو رۆحم
چەند جوانە خودایە چەند جوانە
خرۆشی سیحراوی ئەم پشییە سەمایە





# سەمای زیو

ئەگەرچی دەزانم
کۆڕەوی وەرینی مەلە جوانەکانی ئاسمان و
دواکۆچی خەمگینی گەڵایە
لەرین و سووڕانی زێڕکفت و هێمنیان
لەژێر تارای تیشکی پاییزا
سەمایە سەمایە سەمایە
سەمایی لە داوداوی مەرگ
لە هەناسەی سپی دوو کلیل کە قوفڵی ژین دەدەن
با بەردەوام بێ رەوتی ئەم تەرزە سەمایە

## سەمای شەوق

پیرۆزەی ئاسمانیش لە تاوان پیر دەبی
پەرییەکانیش قژیان لە ئاگری ئەبەدی گیر دەبی
ئەی گەلاّ.. ئەی مەلی بە تیران پێکراو
ئەو دڵە بچکۆڵە وەک مەرکانەیێکی
پڕ تیشک پژایە سەر زەوی
دونیا پڕ بوو لە زیو لە بریسکەی هەتاو
زیویّ هەر بریقەی لە دڵۆپە ئاوێکی کیشوەری
هەر لەنجەی لە رەگی لە پارچەی شکاوی گەوهەری





## سەمای کۆتایی

بەردەوام بە بەردەوام
ئەی شۆخی سەرچڵ و قەدەری ئاشکرا
لە لەرە و وەرینتان
لە خوێن و برین و گرینتان
کە ئەمە دوا مەیل و مەراقە
چەند جوانە نەرم نەرم
هەر دەڵێی لە لۆکە پەڕ دەگرن
ڤێ دەمێ لە قەڵای سەوزین و زیوینی غروورا
بۆ ژێر گڵ رێ دەگرن
دوا هەنسکی خۆیان دەدەنە ئاسمان و
باوەشێ لە حەسرەت
باوەشێ لە بای وەشت
بەدیاری بۆ زێدی گەرم و گوڕ هەڵدەگرن

# سەمای شەراب

دابەزە دابەزە دابەزە
ئەی گەڵای تازە وادەی فڕین بەسەر لەوحی بوونا
ئەی داو داو لە رۆحی درەخت و
دوا قەترە لە پێکی هەبوونا
من لە تۆ باس لە گریانی قووڵی خۆم دەکەم
باس لەونبوونی ئینسانیی خۆم دەکەم
باس لەو دڵۆپ دڵۆپ ئاوە شیرینە دەکەم
کەوەکان دەنووکیان لێ دەنا
هەناویان دەکردە دامێنی ئارانێ
راوچییان بێ پەروا لەجیاتی ئەم ئاوە
شەرابییان داناوە
کاتێکیش کە سەرخۆش دەبوون
عاشقانە دەفڕین و بەسووڕان
لە ترۆیکی چیا بۆ زەوی دەهاتنە خوارەوە و
دەکەوتنە بەر ماشەی راوچییان





# سەمای سەمایان

سەمای گەڵا.. سەمای مەلان سەمای کەوان
یەک مەرگ و یەک کەوتنی بێ ئامان
یەک پێکی لێوان لێوی جامان
با سەما بەردەوام هەر هەبی

## سەمای بانگ

که دەگریم ئەوە تۆی
سەمایی لە ئاگر بمانباتەوە نێو دیرۆکی دێرینە
سەمایی لە ئاو لوولمان دا بۆ شەپۆل
شەپۆلێ لە مەستی دیدگا و خەونی تۆ داگیرسێنێ
مەستیمان بکاتە خەیاڵێ
سەمایی لە بۆنی گەرمی خاک
رامانکێشێتەوە ناخی خۆی





## دوا سەما

سەمای خۆتان بکەن
کەس نییە لە شاعیر زیاتر
شارەزای تەرزێکی ئاوەهای سەمابێ
ئێوە بەو سەمایە هەرگیز نابڕێنەوە
کە جوانی هەڵڕژا وەک مەرگی ئێوەیە
تازە کۆ ناکرێتەوە
هاوار هاوار خودایە
با هەبی نارینی ئەم گەرمە سەمایە

# کتێبی

# بوەستە تارژەن بوەستە

## تار تەنها تار

ئەوەتا پەیکێکە دەیبینم ڕێ ڕێ بۆنی دەڕوا و
گوڵە پەمۆکان دەخاتە سەما
سەمایێ کاتێ کە هەڵدەکا
ئاگرە دوورەکانی دڵمان گەش دەکاتەوە
سەمایێ کە خامۆش دەبێ یادەوەریمان بیر دەباتەوە





## لە دوور دوورەوە

لەو سەرەوە کچێ
خۆی و قاپە شەرابێکی هەنگوینی
کە تازە ئاسکێ
چەند قومێکی گەرمی لێ دابوو
وەک شێت بەناو دەشتاییەکاندا دەسووڕایەوە
دەگەڕایەوە ئەشکەوتە دوورەکانی تەباری خۆی.
شەرابێ ئەو کاتە گوڵی مەستی دابوو

## دیرۆک

کە کچەکان لە ئورۆکەوە
لەبەردەم جوانیدا شل بوو بوون
من ئەو دەمە لە باخێکی ئێرەمدا
فڕینم لە باڵی تاوس هێنابوو
خەمگینیم لە ڕوخساری مامزێ
کە لە بنارێکی قووڵەوە
داد خۆی بە خوا دەسپێرێ





## گەڕانەوەی تارژەن

لەوێ کە سەدای تار دەمار دەمار
لە گیانی کەون دەگەڕا
بڕیارم دا ئەو نەوایە هەڵڕژاوانە کۆ کەمەوە
باقەیێکی بدەم بە قوڵینگەکان...
بە دونیای بگێڕن
سینگ و مەمکی درەختەکان ئاشکرا بکەن
بڕیارم دا ئەو نەوایە کۆ کەمەوە

باوەشێکی بدەم بە با
بەناو کۆڕەوی کچە جوانەکان تەبەسی دابەش کەم
ئەوان کە لێواری کاستێلیا
گوڵە شەبەقی خۆیان بۆن دەکەن
خۆیان بە ڕۆنی تازە فەریکی جەنجەفیل چەور دەکرد





## تروسکێ لە تاریکی

ئەی خودا... با هەڵڕژێ ئەو نەوایە
کە لە تاریکییێکی زۆر دوور
دەمی هەموو کۆنە برینەکانم دەکاتەوە
پیاوان دەباتەوە سەر زێیە دوورەکان
گەڕان بە دوای ئاوی جاویدانی
ژنان دەباتەوە مەیخانە و
مردووەکان هەڵدەسێنێتەوە
دوای پارچەیێ سەما دووبارە هەڵدەوەرێنەوە

# هەڵە کۆک

ئەی خوا... چەند لە شەوانی درێژی ڕۆح دەچێ
کە لەتاو ڕاڕای ئەڤیندا
جوانییەکانی خۆی ون دەکا
چەند لە داخی هەڵە کۆک دەچێ
کە لە ژێر نواڵەی بەفردا
چاوەڕوانی بینینی جوانییەکان دەکا
هاوارمکرد... ئەو کاتە غەرقی ئاتونێکی





کۆنینەی مۆغەکان بوو بووم
کە کوپەیان بۆ گۆڕی خۆیان دروست دەکرد
هاوارم دەکرد...
ئەی با... ئەی با ئەوەندە بەلەز هەڵمەکە

## لەناو بادا

با لە نێو خەمگینی ڕێ ڕێ سەرهەڵگرتووی ئەم نەوایەدا
نهێنییەکانی سەمای ئاگرین ون نەکەم
هێندە هاوارم کرد
هەتا بە ئاستەم چریکەم تێکەڵی
پەنجەی تارژەن بوو...
ئێستاش لە هەر شوێنێ درەخت چرۆ بکا
لەهەر شوێنێ قومە ئاوێ تێکەڵ بە بەژنی گیا ببێ





کە گوێم لە دەنگی تار دەبێ...
چریکەی خۆم دەناسمەوە
سەراپا ئەو جەستە و ڕۆحەم تار و مار دەبێ...
خۆم دەبینم ورد ورد تێکەڵی خۆڵ دەبم
دەبمەوە خاکی سەرەڕێ
خۆم دەبینم هەموو فەسڵی دەرو بواران
گیا لە سەرم شین دەبێ...

# کتێبی بیریا لە تەمتوماندا

## دەرەوەی مەرزەکان

کە پێی گوتم ئیدی تەواو تازە هەرگیز
لیمۆکان ئاو نادەینەوە
ناچینەوە ئەو ڕازانەی لە ژێر نوری مانگە شەوا
لانەمان بۆ تەوارەکان لە تابانی ڕۆح چێ دەکرد
ئەو کاتە ڕێگایێکی دوور دوورمان بڕیبوو
پێمان وابوو لە دەرەوەی مەملەکەتی خوداین
لە دەرەوەی خەون و خەیاڵ





## تای جوانی

جوانییەک لە دەرگاکانی ئاسمانەوە هاتبوو
جوانییەک لە شەوقی نەرسۆسە هەڵدەچوو
وەک کەوسەری ئاڵ ڕۆحی هەڵتەکاندبووین
گۆرانییە دێرینەکانی ئەویندارى
لە کارتەی سۆزی دەداین و
زمانی دەشکاندین
وەک دوو مامزی ماندوو

وەک دوو تروسکەی چاوی مەل
وەک دوو پەڕی تاوسی ناو چاوی هەتاو
بە خەمگینی خەمگینتر لەو دڵانەی
وەکو شووشەی عەتر شکان
دەگەڕاینەوە ناو ڕەحمی خاک
ئۆف ئۆف بۆنی خاک ئێمەی دەبردەوە کوێ
بۆنی خاک چۆن وەک گەڵا وەریوەکان شەوبۆ
لوولی دەداین





## سەفەری بۆ ناو یەکەم ماڵ

دەچووینەوە ناو باخچەکانی منداڵی
حاجیلەکانمان دەچنی بۆ سەر گۆڕی ئەوینداران
پۆل پۆل مەلەکان دەهاتن
سواری سەرپشتی کەڵە کێوییەکان دەبووین
خودایە بمانکەیتەوە خۆڵ
تا لە مانای ئەڤین بگەین
شارەزای زمانی چڕین بین

ئۆف ئۆف بۆنی خاک بۆنی خاک
ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف بۆنی خاک
خودایە
تا ئێستا لە زمانی ئاسمان ناگەین
دەمانەوێ فێری فڕین بین





## بێریا لە تەمتومان

**هەمیشە بە** دەنگێ
لە دەنگی زرینگانەوەی شووشەی دڵ دەچوو دەیگوت
بێریا پەلکە ڕێحانەی سەر سینەم بێریا
بێریا ئەی پیرۆزەی ئاسمان بێریا
کراسی گیایی ماتەمینیم بێریا
مەگری مەگری کە تۆ دەگری
ئاگر لە گیانم بەر دەبێ
کە تۆ دەگری برینی کۆن و نوێم لێ دێنە سوێ

مەگری مەگری دوای کەمێکی تر
دوای تەواو بوونی فرمێسک و کوژانەوەی یادەوەری
دوای ئەوەی خامۆشی ئەو ناوە دادەگرێ
ئەستێرەکان هەڵدێنەوە و ڕەوە مەلی شەوان دێنەوە
بەری ئاسمانێ دەگرن و جریوەیان کەون پڕ دەکات
تابان لە دوورەوە
وەک پۆلە کچی گەڕەکی بەرماڵان بانگمان دەکات
منیش گۆرانییەکەی جارانت بۆ دەڵێمەوە
کەزی درێژ خودایی خوایە نەکەویە جودایی
گەورە بی دوڕو گەوهەری تاجی شات دەکەن سەری
مەمکەکانم پڕ دەبن لە شیری شێر و
زمانم پڕ دەبێ لە بالۆرە و گفتی پیری





## نەواژەنە خەمگینەکە

ئەوسا بەیەکەوە دەچینەوە سەر گردەکەی جاران
لە وێوە سەیری باخاتی ترێ دەکەین
کە تریسکی هێشووەکانیان ئاگر لە جوانی بەردەدا
ئەو دەم دونیا لە خۆراوا بوونێکی ئەبەدی دەچوو
کە ئیدی نەگەڕێینەوە ناو ماڵی گیا
نەچینەوە سەر ئاوەکان
چاوەڕوانی قەتارەی قوڵینگان بکەین
نەگەڕێینەوە ناو ماڵی شمشاڵ ژەنە خەمگینەکان
گوێ لە نەوای ڕۆحمان بگرین

# شەڕە پرتەقاڵ

ئۆف ئۆف

ئێمە لە بایێکی گەرمی بێ ڕەحمدا ئاسێ بوو بووین

بەیەکەوە هاوارمان دەکرد

بەڵام ئاخ بە تەنها سەدای خۆمان بوو

لە دوور دوورەوە دەگەڕایەوە ناو زەینمان

لەناو شەڕێکی سەختی زەردە پەڕا

دونیا غەرقی پرتەقاڵ بوو بوو





# بێریا لەناو بێزارییەکانی خۆی

نامەکانی یەکیەک دەدڕان دەتلایەوە

ئەو نامانەی تەڕ تەڕ بوو بوون بە فرمێسک و

شین هەڵگەڕا بوون لە خەمان

ئۆف ئۆف

ئەی خودا ئێوارەیێکی چەند سەخت بوو

هاوارمان دەکرد

ئیدی تازە تەواو
نەیەکتری دەبینین و نە چاو بە چاو دەکەوێتەوە
تەمتومانێ دایگرتبووین
کەسمان کەسی نە دەبینی
هەموو بەیەکەوە هاوارمان دەکرد
هەی داد هەی بێداد ئەی فریاد ڕەسی خودایی
کەی دەگەینەوە ئەو بنارانەی
جۆگەلەکانی ئاویان لە بەهەشتەوە دێ
خوڕەیان لە ماڵی خودا و
پلوسکەی بەردەکانیان لە گەردنی کچەکانی ئاوایی

# کتێبی مەلەکان

## باسێک لە کەوتن

ئێستا تەنیاین تەنیاتر لە کەسێ پیاسە بکا
بەسەر گەڵا زەردەکانی باخی گومان
دوای کوژانەوەو سیس بوونمان
لەژێر تریفەی تەمەن و
دوای غەرقبوون لە زێی پڕ لە ژەهری زەمان
دوای ئاوابوون لەنێو کۆچێکی بێ ئەمان
هێلانەمان بۆ دەکردن
لەنێو تەمی یادەوەری پەیکەرمان بۆ دادەتاشین
کە لە ناو خانەی خەیاڵمان ئەبەدی بوون





## بچووک بچووک

بەنێو شینایی ئاسمان و
هەندێ جاریش بەسەر پەڵە هەوری سپی
دەگەڕانەوە ناو کوختە و ژێر ساپیتەی ماڵەکانمان
جێی خۆیان لە دەفتەر و رحلەی شکاوی مناڵیمان دەکردەوە
دەهاتنە سەر تاخچەکانی ناو ژوور و
بەسەر بالیف و قەڵەم و قۆغەکانمان هەڵدەنیشتن
دەهاتنە ناو جانتاکانمان
بەیەکەوە شیرمان دەخوارد
دەهاتنە ناو پۆلی ساردی قوتابخانە
شەوانیش لەگەڵ ئێمەدا
ئەستێرەکانیان دەژمارد..

## هەڵگرتنەوەی جریوە

ئەو ئەمانەتەی لەلایان جێ هێشتبووین
کە بریتی بوون لە کۆمەڵێ جریوە و باوەشێ پەڕ
قەیرێ چیلکەی سوور و سافی داروپەردوو
هەندێ رەنگی سەر دەنووک و سپی زمان
لێیان وەردەگرتینەوە
دەیانبردەوە بۆ ئاسمان





## سڵاوی باڵندان

بە باڵە رەش و ئەبەنووسە جوانەکانیان
سڵاویان دەکرد
سڵاو ئەی بێگوناهە جوانەکان
سڵاو ئەی شەوقی خودایی
سڵاو ئەی قژ زەرد و باسک سپی
زمان پاک و دڵاوایەکان
سڵاو کە هێشتا خەونی سپێدە
بەدەوری چاوتان دەسوورێ
هێشتا بۆنی عەتری سینەی دایک
لە سورفڵی رووەمەتتان دەتکێ
سڵاو گوڵە باخەکانی زەوی

# گەڕانەوە لە بوخارا

هاتووینەوە مشتێ بریقەی چاو
لەپێ عەشق بە گولەزێ شەهدی ئاو
دەمێ پڕ لە چریکەی غوربەتمان بۆ هێناون
هاتووینەوە وێنەی ئێوەمان لە
لە گۆمی خوێنی ناو دڵمان شوشتۆتەوە
یەدیاری بۆمان هێناون
هاتووینەوە لە بوخارا دەسکێ شبیت و
لە هیندوستانیش بۆن و بەرامەی دارچین و
لە سەرمەقەند گوڵە گەنمێکمان هێناوە
هاتووینەوە قومێ لە دەریای سوورو
ئەستێرەیێ لە ئاسمانی نیپاڵ و
دەسکێ فەریکی قەزوانمان لە چیای قاف بۆ هێناون





# دیارییەکان

هاتووینەوە باڵمان پڕ لە تیشووی باران
دڵمان پڕ لە باق و بریقی شاران
زمان پڕ لە حەکایەتی ئەشکەوتە دوورەکان
بەڵام ئێمە.. بۆ هەر بریقەیێ لە چاویان
تیغێکمان لە نێو پەنجەدا حەشار دابوو
بۆ هەر لەپێ لە ئەڤینیان
قومێ تووڕەییمان پێ بوو
بۆ هەر دەمێکی پڕ لە نەوایان
مشتێ ئاوی ژەهراویمان پێ بوو
ئای خودایە ئەوە چ لەززەتێک بوو
ئێستا لە گوناهی لوولداوین
لە شەرمێکی ئەبەدیدا راوی ناوین

## بە دوای مەحاڵدا

ئێستاش بەدوای ئەو گۆمە ئاوە دوور دوورانەوە عەوداڵین
پاکمان کاتەوە
دەچینەوە ناو خەڵوەتی ئەشکەوتەکان
خوارو خێچیمان چاکەنەوە
ئێمە باران بڕەکانمان دەکوشت..
پێمان وابوو کتێبەکانیان دەبردین
تا زیندووێتی خۆمان ببینین
بەڵام ئاخ لەگەڵ هەر بەردێکی
کە لە جەستەی ئەوانمان دەدا و دەمردین
کتێبی زینەتی مەیفرۆش

# کتێبی زینەتی مەیفرۆش

## ئێستاش زرینگەی شووشەکانت دوور دوور دەڕوات

ئەو دەیگوت ژیان بە بێ هوودەییەوە جوانە
دەنا وەک خۆی لە کەڵە گیایی دەچێت
چاوەڕوانی سیس بوونی ئەبەدی دڵ بکا
هەمیشە بەسەر لەپی پەنجەرەوە
وەک پارچە مەرجانێکی شکاو
سەیری ڕێبوارانی دەکرد





ڕێبواری خۆی و باوەشێ وەڕسی
لەناو یادەوەرییەکانیا
دەتگوت تەنێکی مردووە
ڕێبواری نوقمی ئەندێشەی فڕینێ
ڕێبواری تەنکە تەمێکی خەم
بەسەر گەڵایێ لە ماتەم دایگرتووە
ڕێبواری دوای تەڕبوون لە بارانی سارا
باڵۆرەیێکی سپی لە دەمی قوڵینگ وەرگرتووە
وەک شێت دەیلێتەوە
وەک شەختە دەیبەستی
ڕێبواری بە پەلە وادەزانی ژیان تەواو دەبی
ڕێبواری پێی وایە
ئەو نەمێنی ئیدی زەمان رادەوەستی

## ماندووبوونێکی ئەبەدی

هەموو ئەو رێبوارانە بۆ شیری ژیان دەچن
ژیانیش خۆی و جانتای پڕ لە ئاڵۆزیی
ئەوانی لە دامێنێکی تژی نیگەرانی جێهێشتووە





## لەبەر پەنجەرەوە

هەمیشە بەسەر لەپی پەنجەرەوە
جار جار پێکێ ئاودیو دەکا
جگەرەیێ دادەگیرسێنێ
یا لە کەناری پیرۆزەیی رووبارێکا
لە وێنەی دوێنێی رادەمێنی
قاپێ شەراب دەدا بە موشتەریی

## لەبەرخۆ

لەبەر پەنجەرە دارینەکەیەوە جارجارە
یەک دوو کەڵە گیا و
چەند پارچە گوڵێکی دەسکەنە دەکرد
دەیدایە دەست رەشتاڵەیێکی رووتەڵە
کە ئاشقترین مرۆی دڵۆپەی مەی بوو
دەیگوت
وەرە ئەی جوانترین دۆستی هەموو رۆژێم
ژیان بە بێهوودەیییەوە جوانە
بینۆشە ئێمە سەفەرین





## ئەگەر هاتیەوە

بەیانی کە هاتیتەوە لام
مشتێ مەرجانی قسەی خۆش و
قاپێ عەتری پێکەنینم بۆ بێنەوە
وێرانم کە لەناو لەپی فڕین
بەیانی کە هاتیەوە
چەمی چاوت بەسەر منا بەرهەڵڵاکە
ئەی جوانترین هاودەمم
هێندە بەلەز چاوی عەشقت
بەسەر منەوە هەڵمەگرە
من بەو روانینەی تۆ دەژیم
باڵا دەگرم

## رابرد وەرەوە

ها ئەوە نامبینی چۆن چۆنی دەفڕم
ژیان بە بێهوودەییەوە جوانە
دەنا لە سورفڵی روومەتی کچێ دەچی
لە سەرەمەرگا گۆرانی بۆ عەشق بڵێ
ئەی دڵشکاوترین دڵ
چاوە خەمبارەکانت بەسەر من دامەخە





## خەیاڵ

دووبارە گۆرانییە خەمبارەکەی خۆی دەڵێتەوە
ژیان تۆ ئەوەندە خێرا نیت تا بەدواتا رابکەم
ئەوەندەش لەسەرخۆ نیت تا بتوانم پێت رابگەم

# نووسراوی سەر قاپەکان

زینەتی مەیفرۆش جار جارە
یادگارییەکانی خۆی
لەسەر کاغەزی قاپەکان دەنووسێتەوە
یەکەم رۆژ کە تای عەشق
وەک ئاگرێ گرتمی
وامزانی لە فڕینام
سەرێک چوومەوە ناو کۆڕی باڵندەکان
سەرێک چوومەوە ناو تاوڵی قەرەجەکان





بەرز دەبوومەوە بەرز
زەوی وەک تۆپێکی سپی
لەژێر باڵەکانما دەترووسکایەوە
دووبارە پێکی جارانی هەڵدەدایەوە
ژیان بە بێهوودەیییەوە خۆشە
ئەگینا لە تەواوبوونی شووشەیێ شەراب دەچێ
کە مەیخۆرێکی سەد ساڵە
لە نیوە شەوێکی سەخت لەبەری دەبڕێ

## تا ئەبەد

وەرە ئەی هاودەم و هاومەیم
من بە تیچاوەکانی تۆ
ژیان دەخەمە ناو قوتووی ئەبەدی
تووڕی هەڵدەدەمە دەریاوە
سەیرکە ئەو ئێوارانە چەند بە پەلەن
پێیان وایە ژیان تەواو دەبی
کە لەمێژە ئەوانی تەواو کردووە
کتێبی شکانی زیو

# کتێبی شکانی زیو

# گرتنی ناخ

خەمێک لە شەوقی فڕینێ
بەباڵی تەمە جوانەکانی ئەو بەری ئاوەکان
کە هێشتا لە خوێنی پاکیزە هەر ماون
هەمیشە وەک بایێ هەڵبکا لە گوڵی کچاندا
وەک خەونێ قووتم دا لە کورتی سەدەیێ وچاندا





لوولم دەدا بەرەو سەراکان
کە هێشتا جێپاژنەی شاژنی خەیاڵم
بەسەر خاک و خۆڵیا
هەڵمی جوانییان لێ هەڵدەستێ
بەرەو منارە دێرینەکانی شار
بۆ قەڵا بەرزەکان

## کچانی ئیرەم

هەرگیز خۆریان لێ ئاوا نابێ
هێشتاکەش سیرڕەی باز و هەڵۆیان
بۆ ناو ئاینده دەنێرن
بەرەو دەنگی بلوورینی ئەو قاپانەی
جوانترین زەری زیو دەیزرینگێنێتەوە
لەناو کتێبی پڕ نهێنی لەززەتدا...





## لە ناوەندی ئاوەکاندا

خەمناکییەک لە نێو کەفو کوڵی بێهوودەیی و
لە چەمی خوێنی کچانی بەڵەکەدا
کە لە بەیانەوە تا بەیان رووت و قووت...
لەژێر تریفەی زیوین و سەد رەنگی مانگەشەو
سەما لەناو ئاوان دەکەن
وەک ناڵە و نەوایێ
هەڵبسێ لە سپێدەی بەیاندا
وەک بریقەی شمشێرێ لە تەنی سیوەیلدا
لە زناری شکاوی بابلدا
بەرەو ئەو زنجیرەی کە ڕزی
بەسەر شان و ملی شاجوانی ئەزەلدا

## سارای رۆح

تیژتر بوون لە نووکی ئەوین و
راکردن لە باخی پڕ سیحری ئاواندا
تاڵتر بوون لە کوژانەوەی هەوەسێ
کوێرایی بدا بە چاواندا
سەراپا ئەو رۆحەم لێ دەبوو بە گرێ
گرێیەک بۆ سارا
کە تازە لە ژێر خوساوی ئێوارە دەپشکووت
لە چاوەڕوانی شازەری تاباندا





## ونبوون لە جوانی

دوای رمانم بۆ ناو تەنهایی ئەبەدی
کە دڵ وەک گۆزەیەک تژی بێ
لە سەرابی جوانی
وردوخاش دەکاتن...
بۆ ترس لە قەدەر
کە لەبەر دەرگای ئەو رۆحەمدا وەستاوە
بانگی ناو داڵانی ئەبەدیم دەکاتن
بۆ ونبوون لە ناو جیلوەی جوانی

## ترس

هەمیشە نیگەرانییەک لەگەڵ خۆم هەڵدەگرم
کە وەک تریشقە و برووسکێ لەت لەتم دەکاتن
لە لەپ و پۆی ڕۆحم دەخاتن





## بێ وەڵام

من گریام زۆر گریام بەرامبەر درەختان
بەڵام ئاخ کەی درەخت گوێ لە فیغان دەگرێ
کەی درەخت هەناری هاواری من دەگرێ.

# باخەوانەکانی زەوی

١

باخەوانەکان لەگەڵ باخدا لە یەک تیرەن بەڕەچەڵەک دەچنەوە سەر خوداوەند
کە دەمرن دەبنەوە درەخت کە زیندوو دەبنەوە بە گیا دەست پێدەکەن





٢

باخەوانەکان خۆڵی پاکی خوداوەندین گیا لە ناولەپیان دەڕسکێ
سینەیان تژی ئاقیقی ئەرخەوانە و ئەوان بۆ هەمیشە تەنیان
تەنیاتر لە کەسێ پیاسە بکا بەسەر گەڵا زەردەکانی باخی گومان

٣

دوای کوژانەوە و سیسبوونیان لە ژێر تریفەی تەمەن و
دوای غەرقبوون لە زێی پڕ لە ژەهری زەمان
هێلانەیان لەنێو پەلکی زەردی لەیمون بۆ دەکردین
لەنێو تەمی یادەوەری پەیکەریان لە گیا بۆ دادەتاشین
باخەوانەکان لە خانەی خەیاڵماندا ئەبەدی بوون





٤

بەنێو شینایی ئاسمان و هەندێ جاریش بەسەر چڵی هەوری سپی
دەگەڕانەوە ناو کوخت و ژێر سێبەری دارکرۆسکان
جێی خۆیان لە دەفتەری چنار و داسۆسی شکاوی مناڵیمان دەکردەوە
دەهاتنە سەر تاخچکە تاقبەرزەکانی نارینی ناو دارستانان
بەسەر بالیفی گەڵا و چڵی پڕ لە شیری رۆنیاس هەڵدەنیشتن
بەیەکەوە قەندی گوڵمان هەڵدەمژی دەبووینە ماهوتی تابان

٥

لەگەڵ ئێمە ئەستێرەکانیان دەژمارد و باسی باخە دوورەکانیان دەکرد

ئەو ئەمانەتەی لەلایان جێهێشتبووین کە دەچوونەوە بناران
بریتی بوو لە کۆمەڵێ لاسکە ڕێواس و باوەشێ پەلکی پرتەقاڵ
قەیرێ چیلکەی سوورو سافی دار و پەردووی باخ
هەندێ ڕەنگی سەر دەنووک و سپی زمان
لێیان وەردەگرتینەوە و دەیانبردەوە ئیرەمی سافی ئاسمان





٦

هەمیشە سڵاویان دەکرد، سڵاو ئەی بێگوناهە جوانەکان
سڵاو ئەی شەوقی خودایی، قژ زەرد و باسک پەمەیی
مەرجانی ناو باخەکانمان زمان پاک و دڵویەکان
سڵاو کە هێشتا خەونی سپێدە بە دەوری چاوتان دەسووڕێ
هێشتا بۆنی عەتری سنەوبەری دەستمان
لە سورفڵی ڕوومەتتان دەتکی...
سڵاو گوڵە باخەکانی سەر زەوی تەنگ و وێران

## ٧

هاتووین مشتێ بریقەی گیا و لەپێ عەشق و گوڵمەزی شەهدی ئاو
دەمێ پڕ لە چریکەی غوربەتمان بۆ هێناون لەسەر گەڵا
وێنەی ئێوەمان لەناو ئاوی قەزوانی شین شوشتۆتەوە
ئێمەین باخەوانی جوانی لە بوخارا دەسکی شبیت و
لە هیندستان بۆن و بەرامەی بەهاراتمان هێناوە
هاتووینەوە قومێ ئاوی ترێی سەد ساڵەمان لە دەریای سوور و
ئەستێرەیێ لە شەوبۆمان لە ئاسمانی نیپاڵ هێناوە
هاتووینەوە باڵمان پڕە لە تیشووی باران و گیانەفەرە
دڵمان پڕە لە باق و بریقی خۆخی شاران
زمانمان پڕە لە حەکایەتی گوڵە زیوانی ئەشکەوتە دوورەکان





## ٨

باخەوانەکان لەپ لەپ مسی رۆحیان دەتاوێننەوە و دەیکەن بە ئاو
ئاوێک لە گەوهەری جاویدانی تک تک هەڵڕژێتە ناو ئاوێنەی هەتاو
بۆیە هەمیشە باخەوانەکان بچووک دەبنەوە و لەنێو گیادا ون دەبن
شەڕی ئەوان لەگەڵ سیسبوون و قەدەرە
شەڕی ئەوان لەگەڵ دیوارە بەرزەکانە کە جوانی دەشارنەوە
تا دێ ئەوان بچووک دەبنەوەو دیوارەکان بەرز هەڵدەگەڕێن
تا دێ ئەوان رەنگی بنەوشە دەگرن و ئەوان کفنی گوناه
شوێنی باخەوانەکان لەدوا پەڕی دەفتەری جوانیدا گوڵ دەگرێ

٩

باخەوانەکان لە بینایی روونی گیا روخساری خوداوەندیان دەدی
بەو زمانەش رۆحی سووکی ئاویان دەدوان
بەو زمانە بانگی مەلەکانیان دەکرد و
پەنجەرەکانیان بەسەر جوانییەکان دەکردەوە و جامی تەمتومانیان دەشکان





١٠

ئەو رۆژانەی بە دیار جۆگەلەوە سەیری ئەو هەموو باخ و باخاتانەیان دەکرد
که رۆژانە دەبوا کار بۆ جوانییان بکەن
جوانکردنی گەڵا چۆن بەسەر پۆپەوە ببریقێتەوە
ئەڤینی لەگەڵ چاوی شینی ئاسمان دەکا
جوانکردنی ئەندێشەی مرۆڤ چۆن شیرینی زەینیان
بەناو تولفە و چیمەنەکان دابەش بکا

## ١١

ئەوان لە بەیانییەوە تا ئێوارە زەینیان پەیوەست بوو بە جوانی
جوانییەک ناشیرینییەکان داپۆشی و سەرسامی لە شووشە بگرێ
بیداتە دەست قەنەفری جاویدانی
جوانییەک نەمری ببەخشێ بە رۆح و ئەشرەفی بدا لە سینە
ئەوان هێند ماندوو بووبوون هەمیشە خەونیان دەدی بە جوانی
ئەوان یەک مەعشوقیان هەبوو ئەویش خۆڵی تەڕی باخ و قانە ئاوی درەختەکان
تەنانەت دونیای ئەوان لەیەک باخدا کۆتایی دەهات





## ١٢

کە خۆرەتاو تک تک دەڕژایە سەر بەردە ساف و لووسەکانی کانیاو
ئەوان بە باڵای گیایی و پەنجەی مەڕمەڕی وڕووشاو
ئاویان دەکردە سەر کەزی و بسکی ئەو بەڵاڵووکانەی گوڵیان دابوو
تازە ئەستێرە بەدیار جەستەی رووتی نەمام تای ئەڤینی دایگرتبوو
لەبیری چوو پەردەی تریفە رابدا و خۆی لەبەر ئاوێنە بادا
دەستی باخەوانی گرت و بەسەر جەستەی رووتی دادا

## ١٣

باخەوانەکان شەوانە بەسەر تاوێرەکانەوە رادەکشان
بەبۆنی مێخەک سەیری ئاسمانیان دەکرد و بیریان لەوە دەکردەوە
چۆن بتوانن ئەو هەموو شینایییانە شۆدەنەوە و هەڵاڵە پڕژێنی کەن
سەیری هەورەکانیان دەکرد چۆن هەموویان کۆکەنەوە...
رێ رێ ئەو درەختانە ئاو بدەن کە بەرچاوی پڕ کردبوون لە گێلاس
لووتی پڕ کردبوون لە بۆنی پوونگ و شەباقەی کوڵیکە کێوی





## ١٤

جارجارە بۆنی لێلاق هەموویانی دەبردەوە ناو باخەکانی مناڵی
حەسرەتیان بۆ ئەوە دەخوارد کە ئەو هەموو گێلاسانەیان دەوەراند
چۆن چۆنی بەسەر زەوی وەکو سەری بڕاوی مرۆڤ گلۆر دەبوونەوە
چۆن وەکو جەستەی مرۆڤ لەژێر پێکان دەپلیشانەوە

## ١٥

ئاخ ئەو باخەوانانە چەند ماندوو بوون
بیریان لەوە دەکردەوە ئاو بۆ تاقی ئاسمان بەرن
ئەو هەموو بۆشاییيە دوورانە بە کەوەر و چنار پڕ کەنەوە
چۆن ئەو هەموو بۆشاییيە لەژێر باڵی مەلەکان بکەن بە عەتر
شەوانە زەینیان پڕدەبوو لە ورشەی گەڵا و دەنگی مەل
دڵیان پڕ دەبوو لە خوڕەی ئاو و لە خەمگینی تاوێرە بێدەنگەکانی ئەزەل





## ١٦

شەوانە هێندەیان بیردەکردەوە جەستەیان سەوز هەڵدەگەڕا
هەر دەتگوت درەختی جاویدانین تەمتومان گەڵای دەبردن
تا بەیانی بە پێوە ئەندێشەی کەونیان دەکرد
تا بەیانی با لێی دەدان و چەمی ئاو دەیشوشتنەوە
ورشەی زەنوێر و کەروێشکەی گیا مەستی دەکردن

## ١٧

بەدیار کانییەکانەوە سەیری وردە ماسی دەکەن
کە بە پوولەکەی سپی و مەرجانی  لەناو زولاڵی ئەم ئاوە
گەردەنی خۆیان جووت دەکرد و شەوقی نارنجی خۆیان هەڵدەپڕژاند
بەنێو تاوێری ئەم ناوە
دوا چرپەی ئەڤینییان دەدرکاند دەیاندایە لێوار کانی
ئەوانیش لە تاو ئەڤینی دەستی خۆیان دەخزاندە  سینە و مەمکانی





## ١٨

دەمبینی کە هەڵم لە ئاوی ئەو کانییە هەڵدەستا
وەک بەندییێک رانی خۆیان لە رانی درەختان دەبەستا
دانە دانە تووی ترشیان لە دەم دەخوساند
دڵۆپ دڵۆپ ئاوی کانییان داوێشتە سەر پەڕی زمان
کە جوانی خۆیان بینی لە ئاوێنەی ئاقیقی ئەو ئاوە
یەکێکیان کەوتە نێو تایێکی ئەبەدی ئەڤین و بۆ ئەبەد تاواوە

## ١٩

باخەوانەکان ئەڤیندارترین مرۆڤی سەرزەوین
بە زمانی ئاو ئەوینیان لەگەڵ خۆڵ دەکرد
بە کێڵان تۆوی نەوەکانی خۆیان لەناو رەحمی خۆڵ دادەنا
یەکەم نۆبەرەی هەموو باخەوانێک بە سەوزی دەهاتە دونیا







## ٢٠

کەس ئەوەندەی ئەوان رقی لە رەشەبا نەبوو
باخەوانێ نییە سەدان نۆبەرەی بە دەستی ئەوا نەچووبی
لە کێڵگەی هەر باخەوانێ کۆتەڵێ هەیە بۆ رەشەبا
رۆژانە داسێکی لە رۆحی دەدەن و لە دەفتەرەکانی باخەڵیان
یادەوەرییەک دەنووسنەوە شەوانە وشەکانی هەڵدەفڕن
لە تاقی ئاسمان دێن و دەچن شەوق دەبەخشن بەو دونیایە

## ٢١

کەس ئەوەندەی باخەوان لە زمانی مەعشوقی خۆی ناگا
ئەوان بە هێمای دەست گەمە لەگەڵ سینە و مەمی ئەو دەکەن
بە دڵۆپێ ئاو تووڕەبوونییان دەشۆنەوە
کەڵێ گیا دەکەن بە دیاری لە سینە و بەرۆکیان دەدەن





## ٢٢

شەوان لە رۆخ ئاوەکاندا گوێ لە دەنگی هەزار رەنگی بۆق رادەگرن
لەگەڵ مەعشوقەکانیان دەخەون و جۆگە ئاوێکیان نێوانە
کە تێکەڵی یەکتر دەبن گۆرانی لە رۆحیان هەڵدەچێ
کە دەخەون درەختێ دایاندەپۆشێ
باخەوانەکان بە راستی عاشقن
مەعشوقەکانیان بە راستی تای عەشق دایاندەگرێ

## ٢٣

شەوان لەژێر تریفەی مانگ بەدیار هێمنی ئاو کۆدەبنەوە
باس لە بۆن و بەرامەی شەوبۆ دەکەن چۆن چۆنی..
ڕێبوارەکان مەست دەکەن و تا بەیانی لە ناو مینا ڕژاوەکان ئاگر دەگرن
هێندە بەدیار هەڵوەرینی گەڵا دەگرین تا شەلاڵی ماتەم دەبوون





## ٢٤

ئەو باخەوانانە خەیاڵ و خۆڵ تێکەڵ بەیەک دەکەن لەناو سەبەتەی تاباندا
زەوییان دەکردە حاجیلە و باوەشیان پڕ دەبوو لە فریشتەی کاژ
ئاویان بۆ ئاسمان دەبرد و وردورد لە ڕۆحیان هەڵدەچوو
هەریەکەو رستێ چەمکی لە چەشنی گروان بەسەر ئەژنۆکان دادەنا
خەریکی گفتوگۆ دەبوون

## ٢٥

ئەو شەوە هەموو لار بوونەوە کە درەختێ باسی نسکۆکانی دەکرد
تازە لە پرسەی رووباری هاتبۆوە تەرمی شەوبۆی نەدابوو بە خۆڵ
خۆڵیش لەناو مەرکانەی رۆحی باخەوان وشک هەڵگەڕا





## ٢٦

باخەوانەکان کۆڵەباری خۆیان بەسەر چڵ و پۆپی درەخت هەڵواسی
چووبوونەوە قووڵایی دارستان بەدوای مەلی برووسک دەگەڕان
بەڵام هەرگیز نەدۆزرایەوە

## ٢٧

باخەوانەکان مەیل و هەوەسیان ئاگری گرتبوو
ژنان لە خوا پاڕابوونەوە کە گیا بەباڵدا بچێ کەس کەس نەبینێ
ژێر درەختەکان بکەن بە فەرش و لە چاوەڕوانی ئەواندا
سەیری دوورترین سیوەیل بکەن
لە لیمۆ پاڕابوونەوە تۆزێ لە رەنگی خۆیان کەم کەنەوە
تا لیمۆی باخەڵی ئەوان بدرەوشێتەوە
لە شۆڕەبی پاڕابوونەوە تۆزێ کەزی خۆی لوول بدا
تا کەزی ئەوان ببێتە سێدارەی رۆحی ئەوان
بەڵام باخەوانەکان بێهوودە چووبوونە هێلانەی هودهود
هەرگیز هەواڵی ژنەکانیان نەزانی
ئەوە نەبێ کۆمەڵە درەختێکی رووت لە باخەکان زیاد بووبوون





## ٢٨

باخەوانەکان شەو و رۆژ ئاگری بازوویان بەسەر خۆڵدا دەگێرساند
لوولەی زەینیان بە زەیتوونی چیا پاک دەکردەوە
ئاوێنەی چاویان بە دەسماڵی نەرجیل دەسڕییەوە
داسی دەستیان بە بەلاڵووک تیژ دەکردەوە
لوولاقیان بە رۆنی جەنجەفیل چەور دەکرد
باخەکانیش تا دەهات گەورەترو گەورەتر دەبوون

**٢٩**

جار جار هەموو باخەوانەکان بەیەکەوە سەیری مەملەکەتی خۆیان دەکرد

هەناسەی شادییان هەڵدەکێشا و بەیەکەوە هاواریان دەکرد
ئای ئەوە تادێت ئیمپراتۆریەتی قەدیفە فراوان دەبێ
تا دێت درەختەکان لقیان بە ئاسمان هەڵدەگەڕێ
تادێت رەگمان بە زەویدا دەچێتە قووڵایی
تا دێت هەرمێکان گەورە دەبن و دەبن بە شار
تا دێت فەرشی جولیا رووپەڕی زەمین دادەپۆشی
ئای باخەوانەکان چ خەونێکی خۆشیان دەدی





**٣٠**

باخەوانەکان ئەو کاتە خەمگین دەبوون کە پاییز دەهات
تەرمی ئەو هەموو حاجیلانەیان دەبینی سەرەوژێر دەبوونەوە قووڵایی
خەمگینی باخەوانەکان لەوەدابوو هەرگیز لە گریان نەدەکەوتن
بێقەراری ئەوان لەوە دابوو توانای رەشەبایان نەبوو

## ٣١

ئەوان هەمیشە بیریان لەوە دەکردەوە ئاسمان بکەن بە باخ
بەڵام لوولاقیان لە زەوی گیر ببوو
پێیان وابوو ئەو ڕەزانەی لە ساماڵی چێ دەکەن
وەکو بەهەشت جاویدانییە و دەستی وەرین نایانگاتێ
باخەوانەکان ئایدیاییێکی جوانیان هەبوو لە باخەکان کورت دەبۆوە
ئەوان لە خەونیشدا هەر باسی باخیان دەکرد





## ٣٢

باخ... باخ.. باخ..باخ
ناوی هەموو باخەکانی دنیایان دەزانی
هەموو باخەوانەکانیان دەناسی
ناویان لە هەموو درەختەکان نابوو
بە باخ ئاو و هەوایان شی دەکردەوە
ئای باخەوانەکان چ ئایدیاییێکی جوانیان هەبوو.

## ٣٣

ئەوان دەیانزانی نیوتن لەناو ڕێگا باریک و توولی باخەکانەوە
سێوی کردە پاشای زەمین
دەیانزانی ئەگەر نێرگزەجاڕ نەبوا و گاگرۆ چاوی هەڵنەهێنابا
زەوی لەبەر بۆنی شەڕەکان جێی مرۆڤی لێ نەدەبۆوە
دەیانزانی درەخت نەبێ ڕەشەبا هەنجن هەنجنیان دەکا
بۆیە هەمیشە نەخشەی زەوییان بە باخ دەپێوا





## ٣٤

کە تەنها دەبوون بە باخ مەعشوقەکانی خۆیان دەلاواندەوە:
باخێکت بۆ دەکەم گەڵا و گوڵی لە دارستانی بەهەشت دێنم
جۆگەڵەیێکت بۆ رادەکێشم ئاوی لە فیردەوس بێت
فەرشێکت بۆ دەچنم دەزووی لە لاولاوی بوخارا چنرابێ

### ٣٥

ئەوان دەیانزانی ئەگەر لالەنگی نەپەڕێتە ناو چاوی رووبار
دونیا تامی نامینێ و خوێی ژیان دەمانکوژی
هەر بۆیەش باخەوانەکان بە چاوی پەلکی گوێز
سەیری موعادەلەکانی ژیانیان دەکرد





### ٣٦

باخەوانەکان ساڵانە یەکجار رەبازی شەراب دەبوون
هێند مەست دەبوون جیاوازییان لە بەینی خۆیان و گێلاس نەدەکرد
ئەو ئێوارەیە لە جەژنی رنینی ترێدا هەموو رەزەوانەکانی دونیا کۆبوونەوە
لە هەر باخێ جۆرێ ترێیان رنی بوو
لە هەر وشیێ جۆرێ تامیان هێنابوو
لە هەر تامێ جێ دەنووکی مەلەکانیان بە ئارمووشی ئاڵ چنیبوو
شەرابێکیان لێ دروست کرد کە تەنها گۆرانی فێری مرۆڤ بکا

**٣٧**

ئەو گۆرانییەی ئەو شەوە باخەوانەکان دەیانچڕی
دەتگوت لە ئاسمان دێتە خوارەوە پۆل پۆل فریشتە دەبارین
لە هەموو لایەکی سەرزەوی رەوە رەوە ئەسپی شاخەکان
شەپۆل شەپۆل رووبارەکان ..پۆل پۆل مەلەکان دەهاتن
جەژنی دامەزراندنی پایتەختی مەریەمە بوو





**٣٨**

باخەوانەکان کە ئازیزێکیان لێ دەمرد
بە زمانی خوناوەی سەر پەلکی گیا شینیان دەگێڕا
بە گەڵای پانی ترنج فرمێسکیان پاک دەکردەوە
بە دەنگی نەرمی کوکوختی بالۆرەیان دەچڕی
کە تەرمی ئازیزی لە دەستچوویان بە خاک دەسپارد
سەرەتا بە خەنەی ئەرخەوان دەیانشوشتەوە
بە گەڵای پەمۆی زەوییە ئاسێکان کفنیان دەکرد
بە خـــوڕەی رووبار مـــاڵاوایيـــيـــان لێ دەکـــرد و بە گـــوڵە پـــوونگ دەیانڕشاند

## ٣٩

که پیرترین باخەوان ماڵاوایی کرد
چی دەمەشێر هەبوو هەموویان لە پێشوازی تەرمی ئەوا هەڵڕشتبوو
باخەکانی باکوریان بە بەفر و گریان و گوڵخەنەوە دەهێنا
دار سنەوبەرەکانیان تێگەیاندبوو بچەمێنەوە
ئاو راوەستا و شنە هەڵیکرد مێخەک گریا
چی کەڵە گیا بوو لەبەر دەمیا چەمانەوە





## ٤٠

باخەوانەکان لە پاییزدا ئەوەندەی سەیری رووت و قووتی درەخت دەکەن
ئەوەندە سەیری ژنەکانیان ناکەن
ئەوەندە بەدیار قەدی درەختەکانەوە حەکایەت دەگێڕنەوە
ئەوەندە گۆرانی بۆ کۆرپەکانیان ناچڕن

## ٤١

ئەوان دەزانن چ مەلێ بە سەریان دەنیشێتەوە و چ ئەڤینێ لە دڵیان دایە

دەزانن کەی با هەڵدەکا و کەی قەدی گوڵە خەزێم خوێنی تیا دەگەڕێ

ئەوانە هەر دەڵێی زیندەوەرێکی مۆسیقین ئاوازیان لێ هەڵدەڕژێ





## ٤٢

هەمیشە مشتێ گەنمیان لەناو لەپدایە دەوروبەریان پڕ کۆترە

جگە لە کێڵگە و دێراو و قۆپەنی گیا هیچ شتێکی دیکە نابینن

شەونم لە چاوەکانیان هەڵدەڕژێ و بۆنی بەیبوونیان لە دەم دێ

## ٤٣

بەدەم رۆخانەی رووبارەکانەوە دێنە خوارەوە و گۆرانی دەڵێن:
خودایە پێمان بڵێ چۆن زەوی لە چنوور غەرق کەین ئاسمان لە گیا
پێمان بڵێ چۆن نەمامەکان هەڵدەچن چاومان پڕ دەکەن لە جوانی
پێمان بڵێ چۆن ئاوریشم گوڵ دەردەکا و با هەڵدەکا؟
پێمان بڵێ ئایا تۆ رۆحی لەناو ئەم خۆڵە تەڕە یا بەرسیلەی ئێوارەکانی بناری
یا خوێنی لەنێو دەماری درەختەکان دێیت و دەچی؟





## ٤٤

ئێوارەیەکیان ئەو درەختەی هەزار ساڵ بوو
نەوە نەوە باخەوانەکان لە ژێریا ئاهەنگی شەڕابیان دەگێڕا
کەوتە بەر تەوری زریانێ لەناوقەد قڵیشایەوە
باخەوانەکان حەوت شەو و حەوت رۆژ شینیان گێڕا
گریانی ئەوان گریانێ بوو لە قووڵایییە دوورەکانەوە کوڵێک دەیهێنا
ئەو ناڵەیەی ئەوان سەریان دەدا لە ئاسمانەوە دەهات و جاترە دەیپرژاند
هەموویان بەیەکەوە چوونە ناوقەدی درەخت و بۆ ئەبەد نەگەڕانەوە

## ٤٥

ئێستاش باخەوانەکان سالانە دەچنەوە سەر ئەو درەختەی دەڵێی دەمەشێرە
نوێژی خوێن و فرمێسکاوی لێ دەبەستن یادەوەرییەکانیان دەگێڕنەوە
لە دوورترین شوێنی دنیا باخەوانەکان دێن و کتێبی خۆیان
لەژێر ئەو درەختە بە قەڵەمی ڕێحان دەنووسنەوە
ئاخر باخەوانەکان لە تەباری نەعناعن
بە ئەسڵ دەچنەوە سەر کاژ و لە تۆوی قاوەیی بەڕوون





## ٤٦

ئەو کاتەی بایەکان دەسک دەسک لە قەدی شاخ گیر بووبوون
خوڕەی ئاوی بنارەکان چووبوونەوە ماڵی شەپۆل
درەختەکان لە سەردانێکیان بۆ ناو ماڵی پاییز
تەنها چڵەکانیان جێهێشتبوو مەلان ئارانیان تەنیبوو
باخەوانەکان بە مەلوولی کۆمەڵ کۆمەڵ وەک ئەسپی سپی شاخەکان
بەسەر گردەکانەوە سەیری لووتکە دوورەکانیان دەکرد
لەبیری ئەوەدا بوون تەواوی ئەو لووتکانە بکەن بە چیمەن
ئەوسا جیهان وەک خەونێکی لێ دێ شیرنتر لە قەندی ئەسفەهان

## ٤٧

ئەوان دەیانویست وەکو دیواری چین باخێ بە دەوری دنیا دروست کەن

ئیرەمێ لەسەر زەوی ساز بکەنماڵی مرۆڤ بێ

بەڵام ئاخ باخەوانەکان وردە وردە پیر دەبوون

چاویان کز دەبوو.. دەست و پلیان شەکەت باڵایان دەچەمایەوە

ئەوان رۆژان هەر زوو خەوێکی قووڵ دایدەگرتن و دنیا خاڵی دەبوو لە باخەوان.





## ٤٨

باخەوانەکان هەمیشە خەریکی جوانکردنی زەوی بوون

ئێمەش هەمیشە تیغێکمان لە نێو پەنجە حەشاردابوو

بۆ هەر لەپێ لە ئەڤینیان مشتێ توورەییمان پێ بوو

بۆ هەر دەمێ پڕ لە نەوایان قومێ ئاوی ژەهراویمان پێ بوو

**٤٩**

ئێستا بەدوای ئەو باخەوانانە دەگەڕێین پاکمان کەنەوە لە گوناح

بەڵام ئاخ ئەوان وەکو ئاسک وان ناچنەوە ئەو رووبارانەی تیریان بەسەردا باریوە

دەچینەوە ژێر ئەو درەختانەی چاندوویانە خواروخێچیمان راست کەنەوە

بەڵام ئاخ ئەو درەختانە گەوهەری سێبەری خۆیان شاردۆتەوە





**٥٠**

باخەوانەکانمان دەکوشت پێمان وابوو کتێبی زەوییان دەبردین

بەڵام ئاخ لەگەڵ هەر تیغێکی لە قەدی درەختمان دەدا دەمردین

وای ژیان بەبێ باخەوانەکانی جوانی چەند تەنگە

# وەک ئاوێکی تەنک سادە

١

عاشقەکان دڵیان رێک وەک شووشە وایە
کە شکا یەک ناگرێتەوە





٢

بۆوەی ئازاد بم دەبێ ئەو دڵەم فڕێدەم
بەڵام تۆ وای لە ناو دڵما

٣

من و تۆ زۆر لە پڕووشەی بەفر دەچین
کە دەبارین سپی سپی دەچینەوە
کە دەتوێینەوە دەبین بە ئاو
کە بووین بە ئاو
چاوەڕوانی شەوقی مانگ دەکەین لێمان بدا و
بگەڕێینەوە ناو دڵی گەرمی هەتاو





٤

ئەوەندە ئاشکرای هەر دەڵێی رۆژی
لێت نزیک ببمەوە دەسووتێم
کە دوور دەکەومەوە دەخنکێم
لە نێوان خنکان و سووتان
چی بکەم باشە ؟

**٥**

تۆ خۆرێکی هێجگار گەشی
منیش چاوێکی هێجگار کز





**٦**

من و تۆ لە شینایی گەڵا دەچین
کە هەڵدەوەرێین
ورد ورد شۆڕدەبینەوە ناو زەوی
دەچینە بەر زیوی تابان
کە خاک و خۆڵ لوولمان دەدا
چاوەڕوانی بایێ دەکەین بمانباتەوە بۆ ئاسمان

٧

وەرە با بڕۆین هەتا دەتوانین
کە بە یەکەوە بین کەون بەرینە
کە لە یەک دوور کەوینەوە
کەون وەک گوێزێکی لێ دێ





٨

ئەو کاتەی تۆ لە دەمارەکانی خوێنم
کوورەی ئاگر دەکەیتەوە
من وەکو بەفرێکی تەنک دەتوێمەوە
کاتێکیش کە خامۆش دەبی
من وەک ئاگر دادەگیرسێم

### ٩

زۆر جار هاوارەکانی خۆم دەبینم
چۆن دەگەڕێنەوە سینە
پارچە پارچە گەوهەری تۆیان لێ دەبارێ
دەچوونەوە ئەو ریێانەی
من و تۆیان دەشاردەوە





### ١٠

تۆ لە یەک چاو ترووکاندا
سەدان جار وێنەت دەگۆڕێ
تەنهایت و هەزار شێوەت هەیە
رۆژێ دێت لە نێو ئەم وێنانە
شێت دەبم

## ١١

من و تۆ دوو هاوڕێی جیاوازین
کە تۆ لە بەرزی ئاسمان بیت
من لە قووڵایی زەویم
کە تۆ دەکەویە بەرزایی
من پابەندم بە نزمایی
من و تۆ دوو هاوڕێی مەحاڵین





## ١٢

جیاوازی من و تۆ وەک جۆگەلە و دەریا وایە
تۆ بە من گەورە دەبی و
منیش بە تۆوە ون دەبم

١٣

من و تۆ وەک شەیتان و فریشتە واین
بە بێ یەکتری هەڵناکەین





١٤

جەستەی تۆ وەک تەمێکی تەنک وایە
لەدوور دوورەوە
لە نێو درەختی خوێن و ئێسقانت دڵت دەبینم
ئاخ دڵی تۆش وەک رۆحی من
لە هەزار شوێندا شکاوە

**١٥**

داستانی ئەڤینی من و تۆ
سەدای پەڕیوەتە ماڵان
کە هێشتا یەکتریمان نەبینیوە





**١٦**

من و تۆ دوو قەفتەی خەنجەرین
بەسەر یەکا هەڵکێشراوین
من و تۆ دوو خوێنی رژاوین
بە ناو یەکترا پژاوین

١٧

تۆ دۆستێکی سەختەندازی
بۆوەی بە باڵات هەڵگەڕێم
پێویستم بە عومر هەیە
عومرێ درێژتر لە سەدە





١٨

ئەوەی من و تۆی ناسیبێ
لە مانای ئاگر تێدەگا
ئەوەی بە مانای ئاگر بزانێ
من و تۆ دەناسێ

**١٩**

من وتۆ وەک خەون واین
شەوان تێکەڵ بە یەک دەبین





**٢٠**

خوایە دڵی من بۆ ئاوا توندە
دەڵێی شەونمە وا بەستوویەتی
کە تۆش جار جارە وەکو برووسکێ
بە نێو ئەندێشەی منا هەڵدەکەی
ورد ورد دەتوێمەوە

**٢١**

من و تۆ پەڵە هەورێکی سپی هاوینانین
بە  حەسرەتی بارین دەسووتێین





**٢٢**

من و تۆ لە شەبەیخوونێکی دژوارین
زەحمەتە جارێکی تر
ئاوا یەکتر لە باوەش کەین

## ٢٣

تۆ ئەگەر چی لەمێژە لە من ئاوابووی

بەڵام من هەمیشە سپێدان

لەناو زەنوێرە دوورەکان

بۆ تۆ گزنگ دەدەم





## ٢٤

چیرۆکی ئەڤینی من لەگەڵ تۆدا

گوزارشت لە مەحاڵ دەکا

کە پێت دەگەم دەکوژێیتەوە

کە لێت دوور بم دادەگیرسێی

**٢٥**

تۆ هێندە لە من دووری
خەریکە چەمکت نامێنێ
من هێندە لە تۆ  نزیکم
خەریکە چەمکم نامێنێ





**٢٦**

من تۆم لە خەونە شەوێکی منداڵی دی
وەک بڵێی ئێستا بێ وایە
بەڵام کە ئێستا دەتبینم
زەینم وەک گەڵا دەوەرێ
دەڵێی کای بەر رەشەبایە

**٢٧**

نهێنی تۆم لە دڵما کوشت
تا ئاشکرایی نەبینێ
وامدەزانی شەوقێ لە تۆ خامۆش دەکا
یا مینایێک لە هەیبەتی تۆ دەشکێنێ
یا خوڕڕەیێک لە رووبارتا شێلوو دەکا
یا دانەیێک مرواری ڕوحت دەشکێنێ





**٢٨**

من و تۆ لە وەتەی هەین
کتێبێ دەخوێنینەوە
یەکەم پەڕەی ئەوینە و
کۆتاییشی سووتان و برینە

**٢٩**

لە پەنا پارچە مانگێکی تازە شکاوا
هەستم کرد وەک پەڕی باڵی تاووس
کە تازە تازە وەریبێ
یا وەک دڵۆپە خوێنێ
لە توێڵی ئاسک پەڕیبێ
ئاوا لە بەرزاییێکی دوور دوور
بەرەو بناران دەچمەوە





**٣٠**

تۆ کێشەیێکی ئاڵۆزی
کە دەتگرم رەها دەبی
رەهات دەکەم لە رۆحم گیر دەبی

### ٣١

تۆ ئەوەندە بێدەنگی
وا هەست دەکەم دونیا هەمووی کش و ماتە





### ٣٢

تۆم بینی ریسە گیاێیکی سەوز بووی
لە گەڵ با دەشنایتەوە
ئێستاش بە سەر گۆڕەکانەوە
سەمای ئەبەدی دەکەی

**٣٣**

هەردووکمان گیرۆدەی داوێکین
من داوی تۆ و
تۆیش داوی من





**٣٤**

ئێمە یەک قوم ئاوی ئەوینمان خواردەوە
یەک دەریا فرمێسکمان هەڵڕشت

**٣٥**

خۆشەویستی من و تۆ وەکو رێحان
تا زیاتر وشک هەڵگەڕێ
بۆنی خۆشتر دەبێ





**٣٦**

تۆ چەند دووری
ئەی دڵۆپەی خوێنی باران
کەچی هەموو سپێدەیێک کە لە خەو رادەبم
لە سینەما دێیتە خوارەوە
دەچیتەوە شوێنی جاران

## ٣٧

دره‌نگ یا زوو من به سه‌ر ده‌چم
بۆیه بێ په‌روا زمان ده‌گێڕم
چی به سه‌ر زاری قه‌ڵه‌مم دادێ
هه‌ڵیده‌ڕێژم
ته‌نها یه‌ک وشه بۆ خۆم دێڵمه‌وه
له سه‌ره‌مه‌رگا من ده‌یدرکێنم

# قسەی عاشقان

١

هێندێ خەم هەن لە سینەمدا
زەمەن پەرش و بڵاوی کردوون
تازە بۆم کۆ ناکرێنەوە
کاتێکیش دەیاندۆزمەوە لەناو خوێن دەیانشارمەوە
دووبارە لێم ون دەبنەوە
هێندێ ئاماژەی ئەوینم لە دڵدایە
مانام بۆ لێک نادرێتەوە





ئەفسووس بەهێی چڵی هیچ یەکیانم نەڕنی
بەڵام هەرگیز لە زەینمدا ناسڕێنەوە
وەک شووشەی مانگ
لە شادەماری رۆحمدا دەدرەوشێنەوە
ئەو جۆگەلە خەمگینانەن
کە جار جارە دەگمەنترین مەل ئاویان تیا خواردۆتەوە
جوانترین ئاسک مسکی خوێنیان تیا رشتووە
عاشقەکانی تیا گوڵیان بە ماشوقیان داوە

٢

من هەمیشە لە دوورترین شوێنەوە
لێتان نزیک دەبمەوە
لە بەرزترین دەنگەوە کپیتان بۆ دەهێنمەوە
لە ئاسێترین جەنگە دەروونییەکانی رابردوو
نامەی ئاینده دەهێنم
لە نزمایییەکان گوزەر دەکەم
تا لە بەرزایی بمبینن





٣

هەزاران جار کانییەکانم بەناو لەپم گواستۆتەوە
بە هەوری حەسرەتی ساماڵم هەڵڕشتووە
بە لەشکری هێمنی رەشەبام دیل کردووە
بە گەلێ شوێندا رابردووم سروشت پەی پێ نەبردووە
لە ناکۆکییەکاندا چەپکەنەی کۆکیم کردووە
قسەم لەگەڵ بەرد کردووە
جوانترین پەندی پێ بەخشیوم

**٤**

ئەو مەلانەی لە سینەمدا باڵیان گرت و هەڵفڕیون
شەوچراغی نێو ئاسمان بووم
ئێستا بوونەتە ئەفسانە سنووری دوورییان بڕیوە
خوێنی بە لەشما دێ و دەچێ
تێکەڵی خوێنی باز بووە
من بەلاغەتێکم پێیە
پڕی جیلوە و ناز بووە





**٥**

کە بۆ یەکەمین جار وەک نوورێکی خودایی
وەک مۆمی نێو یەخدانی سەد ساڵ جودایی
وەکو مانگ کەوتە بەرچاوم
سەرم هەموو سپی بوو بوو
دڵم بە ئاستەم لێی دەدا
ئەو خوێنەی وەک تاڤگەی مانگ و چەمی هەتاو
لە ناو ئاوێنەی جەستەما
ڕێیان بۆ ناو ئەبەد دەبڕی
زۆر دەماری بیرەوەری چۆڵ کردبووم
شانەی مێشکم ئەوینی تیا وشک بوو بوو

٦

درەنگ هاتی لە مێژە خۆر
لە رۆخانەی ئەوینی من ئاوا بووە
تاقە شەوقێ لە سینەی مندا نەماوە
ئەوەندە بەدواتا تیشکی چاوم هاوێشت
زۆر لە مێژە شووشەی روانینم شکاوە
هاکا روونایی چاوانم لێ دارژا و
دڵم لە جەستە ئاوابوو...





٧

بەر لە هاتنت هەمیشە
من لە ناو پەڕی کتێبان
زەینم تژی خەون بووبوو
لە ئەفسانەی هات نەهات قەڵەمم گیری خواردبوو
لە تەنهایی ئەوینداران لێکدانەوەم ون کردبوو
بەر لە هاتنت زۆر شار و دێم بڕیبوو
ئەی نوور ... ئەی شەوق و روخساری خوایی
کە لە کەلی کێو دەرکەوتی ...
تەمەنی من ئاوا بووبوو
لە مێژ بوو پاییز میوانی ماڵەکەم بوو...
بیناییم زەرد... باخچەم پڕ تەرمی گەڵا بوو...

جانتا

١

من هەمیشە خەون بە جانتای سەفەر دەبینم
سەفەری دوور ..... هێجگار دوور





٢

دەمەوێ دەریا ببینم
دەمەوێ بچمە لای تبت سەری دەلایلاما بدەم
بچم لە ناو دڵی کەشمیر تۆزێ لە سەر پشت راکشێم
لە مۆزەخانەی میلانۆ سیمای دانتی بەدی بکەم
دەڵێن ئێستاش چاوەڕوانە بیاتریس بگەڕێتەوە

٣

ڤینیس پڕە لە بازرگان
بەڵام تەنها من یەک بازرگان دەناسم
کە شکسپیر بۆ تاهەتا لە ناو جانتای زەینی ناوە





٤

ئەو جانتایەی من دەمەوێ پڕ کتێبە
لەوەتەی هەم کتێبەکان دەکەمەوە
ئەو جانتایە دەڵێی بنی لە دەریایە
قەتاوقەت کۆتایی نایە

٥

یەکەم جانتا بینیبێتم جانتاییێکی عوسمانی بوو
لە دەستی کابراییێکی باڵا بەرزی دەرسیمی
کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕا
مناڵانی شارەکەمی سوننەت دەکرد
ئێستاش هەر جانتایێ کە دەیبینم
بۆنی سپرتۆ دەکەم





٦

بیرمە یەکەم جار کە چوومە قوتابخانە
دایکم جانتاییێکی لە پەڕۆ بۆ دروست کردم
کە بە ملم هەڵدەواسی دەتگوت کۆتە
لەو ڕۆژەوە تاکو ئێستا هەر فلیمێ
پەتی سێدارەی تێدابێ
جانتای پەڕۆم بیردێتەوە

٧

زۆر جار کە لەژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرە رادەکشێم
بیر دەکەمەوە جانتاییێکی گەورەم هەبێ
بەقەد داد و خۆزگە و بریا
هەرچی گوللە و شەڕ و زوڵم و زۆریی هەیە
هەمووی لەو جانتایە بکەم تووڕی هەڵدەمە ناو دەریا





٨

گوڵ فرۆشێکم بینی عەتاری دەکرد لە شاران
رۆژێ رێی کەوتە بەر ماڵێ
کاتێ کە جانتای کردەوە
دەتگوت عەتری لێ دەبارێ
شووشە عەتری ئاوای پێ بوو بۆنی دەگەیشتە ئاسمان
ئێستاش کاتێ کە دەچمەوە شوێنی جاران
بۆنی ئەو عەترە هەر ماوە

**٩**

یەکەم جانتا کە بەشانی خۆم دادابێ
ئەو کاتە بوو کە بە قیتار چووم بۆ بەغدا
یەکەم کتاب کە لە ناو جانتام دانابێ
کتێبی ئیسماعیل نامە بوو





**١٠**

لە ناوەندی قەیسەری هەولێر
دوو کەسم دی بەشەڕ هاتن
بەجانتا لە یەکتریان دەدا

١١

یەکەم شەڕ لەسەر جانتای دەسەڵات بوو
دووەم شەڕ لەسەر جانتای پارە بوو
سێهەم شەڕ لەسەر حیسابی جانتای
منالانی قوتابخانە بوو





١٢

مامۆستا هەمیشە دەیگوت
ئەگەر شتێکتان دۆزییەوە بیدەنەوە بە خاوەنی
بەڵام من جانتایێکم دۆزییەوە روبعێکی تیا بوو
سێ دەبدەبە و قەڵەمێک و سەموونێکی عەسکەریم پێ کڕی

## ١٣

لە لای ئاوباری مەولەوی تەنزیلات فرۆشێ هەبوو
هەمیشە دوو جانتای پێ بوو
پێیان دەگوت عومەر جانتا







## ١٤

حەمە شێت پیاوێکی ریش سپی نوورانی بوو
کە دەگەیشتە دوکانی ئاسن و تەنەکەی شار
دەوەستا و سەیری دەکردن
بەڵام کە دەگەیشتە دوکانی جانتافرۆشان
ئاوڕی لە دواوە دەدایەوە و لەبەرخۆ قسەی دەکرد

(*) ئەم شیعرە پێشکەشە بە ئاسۆی کوڕم کە پۆلی سێیەمی سەرەتاییە، داوای لێ کردم کە ئەم ساڵ جانتایەکی بە تایەی بۆ بکڕم.

# بۆم كۆ ناكرێنەوە

١

جەستەی تۆ وەک تەمێکی تەنک وایە
لە دوور دوورەوە
لەنێو درەختی خوێن و ئێسقانت دڵت دەبینم
ئاخ دڵی تۆش وەک رۆحی من
لە هەزار شوێندا شکاوە





٢

تۆ دۆستێکی سەختەندازی
بۆ وەی بە باڵت هەڵگەڕێم
پێویستیم بە عومر هەیە
عومری درێژتر لە سەدە

٣

چیرۆکی ئەڤینی من دەگەڵ تۆدا
گوزارشت لە مەحاڵ دەکا
کە پێت دەگەم دەکوژێیتەوە
کە لێت دووربم دادەگیرسێی





٤

تۆ لە یەک چاوترووکان سەدان جار وێنەت دەگۆڕێ
تۆ تەنهایت و هەزار شێوە و ڕەنگت هەیە
ڕۆژێ دێت لەنێو ئەم وێنانەوە
شێت بم...

٥

نهێنی تۆم لە دڵما کوشت

تا ئاشکرایی نەبینێ

وامدەزانی شەوقێ لە تۆ خامۆشی دەکا

یا مێیایێک لە هەیبەتی تۆ دەشکێنی

یا خوڕەیەک لە رووبارتا شێلوو دەکا

یا دانەیەک مرواری رۆحت دەڕفێنێ





٦

خوایە دڵی من بۆ ئاوا توندە

دەڵێی شەونمە وابەستوویەتی

کە تۆش جارجارە وەکو برووسکی

بەنێو ئەندێشەم هەڵدەکەی

ورد ورد دەتوێتەوە

٧

ئەوەندە ئاشکرای هەر دەڵێی ڕۆژی
لێت نزیک ببمەوە دەسووتێم
کە دوور دەکەومەوە دەخنکێم
لەنێوان تاریکی و سووتان
بڵێ چی بکەم باشە؟





٨

لە پەنای پارچە مانگێکی تازە شکاوا
لە سێبەری تەنهاییی قورستر لە مەحاڵ
هەستم کرد
وەک پەڕی باڵی تاووس
کە تازە ... تازە وەریبێ
یا وەک دڵۆپە خوێنێ
لە توێڵی ئاسک پەڕیبێ..
ئاوا لە بەرزاییێکی دوور
بەرەو بنار دەچوومەوە

٩

وەرە با بڕۆین هەتا دەتوانین
کە بەیەکەوە بین کەون بەرینە..
کە لەیەک دوور دەکەوینەوە
کەون وەک گوێزێکی لێ دێ





١٠

تۆ چەند دووری
ئەی دڵۆپی خێرای باران
کەچی هەموو سپێدەیەک
کە لە خەو رادەبم
لە سینەما دێیتە خوارەوە و
دەچیتەوە شوێنی جاران

## ١١

عاشقەکان دڵیان رێک وەکو شووشە وایە
کە شکا یەک ناگرێتەوە
بۆیە هەمیشە خوێنیان لێ دەچۆڕێ
زۆرم بیر کردەوە بۆ دڵم ئەوەندە پڕە و
سپێدە نایێ و ئومێدم ئاوا مردووە
خۆر هەڵنایێ تاریکی گیانی تەنیوم
بەڵام هەر زوو لەشکری تۆم بیرکەوتەوە
کە دەورمی داگرتووە





## ١٢

بۆ ئەوەی ئازاد بم
دەبێ ئەو دڵەم فڕێدەم
بەڵام تۆ وای لەناو دڵما
سەرسامم تۆ هەڵبژێرم
یا ئازادی

### ١٣

درەنگ یا زوو من بەسەردەچم
بۆیە بێ پەروا زمان دەگێڕم
چی بەسەر زاری قەڵەمم دادێ
هەڵیدەڕێژم
تەنها یەک وشە بۆ خۆم دێڵمەوە
لە سەرەمەرگا من دەیدرکێنم





### ١٤

تۆم بینی ریسە گیایەکی سەوز بووی
لەگەڵ با دەشنایتەوە
ئێستاش بەسەر گۆڕەکانەوە
سەما دەکەی

## ١٥

زۆر جار هاوارەکانی خۆم دەبینم
چۆن دەگەڕێنەوە سینە
پارچە پارچە گەوهەری تۆیان لێ دەبارێ
پارچە پارچە شێوەی تۆیان دەکردە شەوق
پارچە پارچە دەچوونەوە ئەو ڕێیانەی
من و تۆیان دەشاردەوە

# پەلکی ناو قەدی کتێبان

١

هەمیشە درەختێ هەیە لە تەباری خوداکانە
درەختێ لەو درەختانە دڵنیام دەچێتەوە لای ئەو
ئەوێک جارێ لە تەمتوماندا ون دەبێ و
جەستەی دەبێتە بریقە
جارێکیش شەلاڵی باران
روخساری دەبێ بە بەفر
جارێ لە با بەسەر زەویدا هەڵدەکا
جارێ بە شۆق دونیا پڕ لە سەفا دەکا





٢

هەمیشە رێگەیێ هەیە بە رەگەز دەچێتەوە سەر ئاو
رێگایێ لەم رێگایانە
دەمباتەوە ئەو گردانەی منارەکانی لێ دیارە
ئەو منارانەی دەڵێی درەختی ئەزەلین
هەمیشە سەوز دەبنەوە
هەندێ جاریش دەڵێی ئاشقی ئەبەدین
بەرەو ماڵی خوا هەڵدەچن

٣

هەمیشە دەرگایێ هەیە بە سەر جوانی دەبێتەوە
دەرگایێ لەم دەرگایانە دەمباتەوە بۆ لای قەڵا دێرینەکان
کە هێشتا دەسخەتی ئێمەی بە سەریانەوە دیارە
ژەنگی رۆژگار هێندێ پیتی لێ بڕیون
پرۆمیتۆسیش ئاگری خوای دەس نەکەوتووە
هێندێ مانای بەهاداری لێ دزیون





٤

هەمیشە نوورێ هەیە بە ئەسڵ سەر بە پیاتریسە
نوورێ هەیە لەم نوورانە دەمانباتەوە بۆ ئاسمان
بەدوای مەلێ دادەچێتن
ئەندێشەی سەفەری دووری لە بن پەڕ و باڵیدایە
بەدوای پووشی خۆی دەگەڕێ
کە لە باخێکی دوور دووری لانەکەی خۆیدا هێناوە
وا گوێم لە چریکە و دادیەتی
بەدەست ئەم هەموو رێگایە

### ٥

هەمیشە ناڵەیێ هەیە واگامان دەهێنێتەوە
بیستم جامێ دەزرینگێنێ لە رەچەڵەکی شەرابە
شەرابێ تک تک هەڵدەڕژێ
لە گۆرانی نەواهێنی ئاشقەکانە
شەرابێ لەپ لەپ دەتکێ
لە نووسراوی سەر دیوارە کۆنەکانی ئەویندارران
کە دڵێک و سێ چوار تیری لەژێردایە





### ٦

هەمیشە پەندێ لە سینە دەخرۆشێنێ نایاب رەگەزی ئاگرە
پەندێ ئا لەو پەندانە مشتێ رۆشنی تێدایە
ڕۆشنییێ لە سپی کافوور و
لە ڕەشی ئەبەنووسی
رۆشنییێ لە دڵی شکاوی ئاشقان
کە ئێستا هاوارەکانیان بوونەتە سیوەیلی ئاسمان

٧

گۆرانیێ هەیە بە تایەفە هی قەرەج و شێتەکانە
گۆرانیێ لەم گۆرانییانە منی بردەوە لای باخۆس
کە تازە سفرەی شەرابی بەسەر درەختی مێوەوە ڕاخستبوو
لە سەمای نێو مەیخانەکان گەڕابۆوە
دەستی بۆنی سینەی کچانی گرتبوو
دەمی بۆنی ڕەزی گریکی لێ دەهات
چاوی شەوقی پڕ شەفەقی ترێی دەدا





٨

هەمیشە بنارێ هەیە پەناگەی ئاشقان بووە
بنارێ لەو بنارانە تازە مانگ تیشکی دەدایێ
دوو ئاشقی سەمەرقەندی هەر وەکو مار تێک ئاڵا بوون
ئەستێرە و مەل بەسەر سەریانا هەڵدەڕژان
تریفەی مانگ ببووە تەیمانی چوار دەوریان
خواوەند بەسەر سەریانەوە وەستابوو
چاوەڕوانی مەرگی دەکرد

٩

هەمیشە خەڵوەتێ هەیە جێی کەفناری شاعیرانە
خەڵوەتێ لەم خەڵوەتانە ناڵەیێکی کزی دەهات
ناڵەی دەروونی کەسێ بوو دەبوو بە باشووکەی زوخاڵ
قسەی لەگەڵ ڕۆحی خەمباری خۆی دەکرد
سەری بە کۆشی خواوەند دابوو





١٠

هەمیشە پەڵە گیایێ هەیە لەژێر بەردەکان شین دەبێ
پەڵە گیایێ هی هەموو بارانێ نییە
قەت کزەیێ نایگرێتەوە
بەڵام کە بایێ بۆ تاقە جارێ بەسەریا دەڕژێ
چەند دڵۆپێکی بارانی عەتری وای پێ دەبەخشێ
ئاڵترین خوێن و
خۆشترین بۆن و
جوانترین سیمای لە ڕوو دەنەخشێ

١١

هەمیشە ڕێحانێ هەیە بۆنی لە هەمووان خۆشترە
ڕێحانێ لەو ڕێحانانە بە بنەچەک هی عەتارێکە
لە سەد پوونگی ژێر دەریادا
یەک دڵۆپ عەتری ساز دەکرد
لە سەد جامی شەرابی کۆن
یەک دڵۆپ بادەی دەنۆشی
لە سەد شووشەی دڵی شکاو
یەک پەلکە شەوبۆی بۆن دەکرد







١٢

جوانێ هەیە باوەشێ مەستی و سەفەرە
دەستم نایە ناو پرچی گوڵە پەمۆیێ
وتی مەڕۆ با شەکری دەم بتوێتەوە
جوانی باوەشێ لاسکە گەنم و سێ چوار دەنکە هەنارە
هەندێ ورشەی گەڵاو گۆڵەزێ عەنبەرە
لەپێ ئاوی کانی و
سێ چوار قسەی خۆش و دەمێک خەوتنی زمانە
شووشەیێکی شکاوی ژێر هەتاوی دوای بارانە

## ١٣

هەمیشە ئەوینێ هەیە ئاگر لە وڵان بەردەدا
ئەو ڕۆژە دڵی وەک دەرگای ئاسمانی شین کرایەوە
ئەوین وەک نەوای نەی هەڵدەڕژایە ناو بناران
شمشێرەکان پارچە چارچە دەتوانەوە
سەر لەنوو گیا شین بوونەوە
دونیا بوو بە قاقەزی سپی
هەموو بۆ لای خوا چوونەوە





## ١٤

هەمیشە ڕۆژگارێ هەیە ژانی ناو یادەوەریمانە
سپێدەیێ مەلێ سەری کرد بە ژووری تەنهاییما
تازە بەفر نامەی دەنووسی بۆ چیا
لە پەنجەرەوە دوور دوورم دەڕوانی
تەتەرێ سوور سوور دەچۆوە
لەتاو برینی دوودەری بەرەو گۆڕستان دەبۆوە

## ١٥

کەنارێ هەیە خەمگینیمان دەشواتەوە
ڕۆژ نییە رووبار داخی دڵی خۆی نەدا بە کەنار
بۆیە هەمیشە کەنار خەمگینە
ڕۆژ نییە کەنار جامێ تووڕەیی نەدا بە رووبار
بۆیە هەمیشە هەر شەپۆل دەدا
هەموو ئاوەکان دەڕژێنە رووبار
ڕووباریش ناچار
هەموو خەمی خۆی دەدا بە کەنار





## ١٦

شتێ هەیە هەمیشە ونمان کردووە
هەر لە سەردەمی دروست بوونەوە
شتێ لە سینەی شاعیر ونبووە
جار جار وەک تیشکێ
دێتە بەر چاوی ون دەبێتەوە
بۆیە هەر جارەی شتێ لە جەستەی ئەم ون بووەدا
دەکاتە بەری شیعرەکانی خۆی
دوایەش دەزانێ کەوا هەر خۆیتی لە خۆی ون بووە

## ١٧

هەمیشە ریشاڵێ هەیە بوونمان زیندوو دەکاتەوە
زۆر درەختی کاژ بە داسی زریان هەڵپڕووکاوە
زۆر کانی شووشە یەک دڵۆپ ئاوی تێدا نەماوە
زۆ دڵی ئاشق وشک بۆتەوە و سۆز و ئەوینی چکی کردووە
بەڵام هەمیشە رەگێ دەمێنێ
سەرلەنوێ وادەی ژین بداتەوە
کاژ لە سەوزیداو کانی لە ئاو و دڵیش لە ئەشق

# گوڵفرۆشەکان

١

هەر دەڵێی تەوارن بچنە هەر کووچەیێ
ئەو کووچە پڕ دەبێ لە شەوق و دونیا پڕ عەترەبێ
پەنجەرەو دیوانی ماڵەکان پڕ دەبن لە مەل و جریوە
پیاوەکان بەمەستی  دەڕژێنە سەر شەقام
ژنەکان شەلاڵی بۆن دەبن سینەیان پڕ دەبێ لە هەوەس





٢

پریاسکەی تاتارن لە سێو و لاسکەی گیا
پەیکێکن لە پاکی  و نوورێکن لە روخساری خودا
گوڵفرۆشەکانی سەرزەمین هەمیشە تەنیان و هەر تەنیا

### ٣

لە زەمیلەی سەوزی هەر یەکیان کۆمەڵێ ڕەنگ هەیە
هەر ڕەنگێ لە باغێکی  دوور دوور هاتووە
سەربوردەی بۆن و بەرامەی سەر سینەی کچێکی ئاشقی گرتووە
هەندێکیان لە دەریا هاتوون و شەپۆلان دەدەنە ئاسمان
بۆ هەر شوێنێ بچن
ئەو شوێنە پڕ دەبێ لە عەتر و لە پیرۆزەی مەرجان
ئاخ گوڵفرۆشەکان  چەند کەمن بەڵام زەوییان داگرتووە





### ٤

بەیانییان ئاخ بەیانییان
هەر دەڵێی تەمی چیان بەنێو شار وەردەبن
هەر دەڵێی نووری خوان دڵ دەکەن بە کوانوی ئاگرو
سینەمان پڕ دەکەن لە ڕمی ئەوین و لە بەهرەی خودایی
کە ئێوارانیش دێ گوڵ و گیا هەڵدەگرن.. باردەکەن
ڕۆحی ماندووی ئێمە پڕ دەکەن لە خوێنی جودایی

## ٥

سپێدان لە دوور دوور گۆرانی بە پشتی بایەکان دەنێرن
حەکایەت لە ئیشق و ئەوینی خۆ دەکەن
سەربوردەی سووتانە لە تای گەرمی ئەوین
هەر دەڵێی ئاسکن لە ڕەوت و باشووکەن لە فڕین
ئەوانە وەک شووشەی شکاوی دڵی ئاشقەکان
روخسariyan لە رێحانی سیس و لە ئاوی چاو دەچێ
باڵیان زراڤ و پەنجەیان لە قەدی گیا دەچێ





## ٦

پەڕەسێلکەی جوانی مەفتەنێکی دوورن بە تەنها جریوەن
کۆمەڵە ئەسپێکی کەرەندین لە ڕمی سواران ترازاون
رەوە ئاسکی سپین لە داوی راوچییان پەڕیون
لە پەڕیان غوربەت و
لە بژیان جوانی و
لە شاخیان ئاسەواری جەنگی سەد ساڵی جودایی

٧

پەرین و هەمیشە گۆرانی بۆ فیراق دەچڕن
شەو و ڕۆژ سینەیان لە ئاگری تەنیایی دەسووتێ
دڵیان بە باخ و مەی بە دۆڵی دارستان گڕ دەگرێ
بە شەوبۆ دەژین و گوڵ هاوڕێی خوێنیانە
کە ڕێگای دوور دەبڕن سەریان پڕ بەرامەی نەرگزە







٨

شەو دادێ هەموویان دەچنەوە بناران
لە ژێر تریفەی سەد ڕەنگی مانگە شەو
باقەیێ دەچن و بە دەوریا دەسووڕێن تا بەیان دەگریەن

**٩**

جارێکیان وەیشوومە  سەرزەوی چۆل کرد و  چلّە گیایێ نەما
زێیەکان شکان و باخەکان بزرِکان نیشتمان بوو بە ئاو
کووچەو کۆڵانەکان خاڵی بوون لە بەیبوون
ئاگری ناو دڵی کچانی گوڵفرۆش لە ئەوین دامرکان
سپێدە بێدەنگ بوون
هەر بۆیە سەرزەمین و باخەکان پرِ شمشێری جەنگ بوون





**١٠**

وەرنەوە نەوەی خواوەند وەرنەوە
بێ ئێوە  ئەم کەونە خاڵییە لە ئەوین
بێ ئێوە  ژیان وەک ژوورێکی داخراوە
بێ ئێوە رەونەقی شیعرەکان نامێنێ
ماڵەکان دەبنەوە گۆرِستان  وەرنەوە

### ١١

شەوێکیان مانگ مرد و ئەستێرە رابردن
دەریاکان خرۆشان
رەشەبا ئەم کەونەی لە داوی خۆی لوول دا و
پرسەی خۆی بەسەر خاک بەشییەوە
دارستان سووتان و باخەکان پرووشان
لەو تاریکستانە بێ ئۆقرە و پەنهانە
کچانی گوڵفرۆش هاتنەوە
ئەوان بوون بەدەستێکی گەرمی خودایی
تۆوی ژیانیان بەزەوی بەخشییەوە





### ١٢

پاییزێ ئەوینێ کەوتە ناو سینەی گوڵفرۆشێ
گوڵەکان یەک یەک سوور بوونەوە
کانی رێ و بناری چیایان تەقییەوە
مەم و زین هاتنەوە وەک بەهێ گوڵیان گرت
بەرەو باخی ئیرەم چوونەوە

١٣

خودایە باوەشم هەر پڕبێ لە گوڵی ئاشقان
خودایە ئەو دڵەم هەر پڕبێ لە تەونی ئەوین و
سەریشم هەر پڕبێ لە خونچەی نێو بەفر
ناولەپم لە گیا





١٤

شەوێکیان تریفە پەنجەرەی ژوورمی کردەوە
تروسکەی ئەستێران هەیوانی ماڵمی کردبووە دیوەخان
کە سەیری بنار و قەراغی چیام کرد
تەمبوورژەن ئاوازی هەزار ژێی بۆ ئاسمان دەنێرێ و
هەرچی گوڵفرۆشی دونیایە
لە کۆڕی گۆرانی چڕینی ساڵیادی گوڵدایە

**١٥**

من تەنها یەک تاقە گۆرانی دەزانم
من تەنها یەک تاقە دێڕ شیعرم لەلایە
من تەنها یەک دڵۆپ فرمێسکم پێ ماوە
ئەوانەش بۆ تۆ بن گوڵفرۆش
کە ئەم کەونە کەسی لە مرۆڤ نەماوە





**١٦**

پێکەوە رێمان گرت رووناکیمان گوڵ بوو
پێکەوە چووینەوە بناران فەرشی ڕێ تاوێری چیا بوو
چووینەوە ئەو شوێنەی پەلکە گیا هەر مابوو
باوەشێ نووری خوا هەڵدەچوو
شوێن پێی گوڵفرۆش بوو لە سەر بەرد نەخشابوو
خودایە ئەم شوێنە جێ پێی کام شاجوانی دونیا بوو ؟

١٧

ئەوانە لە دەماری گیا و لە خوێنی ڕێواسن
لە جەستەی شەونم و لە هۆزی ئەرخەوانن
ئەوانە نە باوەڕیان هەیە بە سنوور
نە کەس بە خێڵ و هۆز دەناسن
هەیانە و نییانە بەرداخێ مەستییە لەم ژیانە





١٨

گوڵفرۆشێ دەناسم لە قەفقاس هاتووە و
دەستێکی لە تیشکی تابانە
یەکێکیان چاوێکی لە گوڵی پەمۆیە
یەکێکیان دەناسم خوێنی جەستەی عەترە
یەکێکیان تا ئێستا پەنجەکانی لەناو باخەکان جێمایە
هەموو گوڵفرۆشێ ڕەگێکی لە گیا هەر هەیە و
دڵۆپێ لە خوێنی هەڵاڵەی تێدایە

## ١٩

هەمیشە لە پاوانەکان دەگەڕێن کە تاکە نیشتمانیانە
ناوی هەموو گوڵەکانی دونیا دەزانن
ئاوی زێ بۆ ناو دۆڵ و چیا دەبەنەوە
لە ڕۆژە باراناوییەکان چەتریان چەپکێ شلێرە
لە تاریکی شەباقە دەکەن بە چرا
لە لافاودا حاجیلە دەکەن بە بەربەست
لە بەفردا خۆیان بە هالاوی گوڵە بادەم گەرم دەکەنەوە





## ٢٠

سەفەرێ ڕێم کەوتە ناو پۆلە مێوینی گوڵفرۆشان
یەکیان تازە لە بوخارا لە نوور چنین دەهاتەوە
ئەویتریان دەگەڕایەوە بۆ نیپاڵ باقەیێ بخووری پێ بوو
گۆرانی بۆ دەلایلامای ئاشق دەچڕی
کە لە ناو ڕەوەزە شاخێکی هێجگار دوور
بەرەو مەفتەنی خواوەند دەفڕی
یەکێکیشیان لە ئەلیژیریادا
چەپکێ قژی بیاتریسی هێنابوو
بەدیاری دەیبرد بۆ دانتی
ئەویتریان ئەکلیلێ گاری هێنابوو
بۆ سەری ئاشقەکەی خۆی

## ٢١

لەناو ئەوگوڵفرۆشانە کچۆڵەیێ هەیە پەمۆ
هەموو دەمەو ئێوارەیەک
کە ئاسۆ خۆی لە خوێنی خواوەند وەردەدا
دەچێتەوە ژێر درەختێ تێر تێر دەگری
گریانێ لە برکی ئاگر کە فیراق دایگیرساندووە
گریانێ لە تاوی ئەوین کە بەدکار دایمرکاندووە
ناوەناوە گۆرانییێ بەناو ئاسماندا سەردەدا
ئاگر لەدڵان بەردەدا
ئەوسا خۆی و باقەبێنێ دەگەڕێتەوە ناو کووچە و کۆڵانی شار





## ٢٢

کەس ئەوەندەی گوڵفرۆشان لە مانای گیا نازانێ
پێیان وایە هەر بۆن و بەرامەییێکی ناو ئەو دەشت و بنارانە
رەگەزی جەستەی کچێکە لە تای ئەوین و چڕیندا
یا تکاوەی ئاه و ناڵەی عاشقێکە
لە مانگە شەوی سووتان و هەڵپڕووکان لە فڕیندا

# سپی هەمیشە سپی پۆش

بۆ کاکە زیاد لادێیی

**گیا بۆی گێڕامەوە چۆن سیس بوو**

ئەو ڕۆژەی قاپێ فرمێسکی نەی
ڕژایە ناو لەپ و جەستەی
کە نەیژەن دوا نەوای ماڵاوایی ژەنی
تەمتومانی خەمێکی گەورە
ناو ڕۆحی پاوان و مێرگەکانی تەنی
چۆن سپێدان هەموو سپێدانێکی سپی





شاعیرێکی سپی
بە جلێکی سپی
بە دڵێکی سپی
بە کاسکێتێکی سپی
ڕوو لە باکور بە تەک بازاڕە سپییەکەی چراغ
کە وەک هەورێکی سپی
بەسەر سەدەیەک لە کفنی سپی قیت بۆتەوە
لە تەنیشت فانیلە سپییە هەڵواسراوەکانی
سەر پەرژینی سپی چوار دەوری باغی شار
لەلای مناڵە دڵ سپییە خەمبارەکانی سەر شەقام
وەک کۆترێکی سپی دادەبەزێ
ئاو بۆی گێڕامەوە چۆن لێڵ بوو
کە بەردیان خستە ناو کانی و
دەمی ڕووباریان بەستاوە

پرسە کەوتە  چاوی مەل و
ئاگر کەوتە دەمی کەل و
گریان زناری داپۆشی
ئەویش وەک کۆترێکی سپی دادەبەزێ
سەیری پاسە سپییەکە دەکا و
هەندێ خەمی سپی و
چەند رستەیێ شیعری سپی
ئەنگوستیلەیێکی نوقرەیی سپی
پریاسکەیێ کاغەزی سپی هەڵگرتووە
بەرەو باکور باکوری سپی شۆڕ دەبێتەوە





**گەڵا بۆی گێڕامەوە چۆن وەری**

کە پاییز دەسماڵی زەردی
دایە دەست قەد و باڵای دار
دوا فرمێسکی چڵی سڕی
مەلی یاقوتی بە تەنها
دوا گۆرانی خۆیان چڕی

**ئەسپ بۆیان گێڕامەوە بۆچی گلان**

ئەو ڕۆژەی سوار پشتی لە مەیدانێ کرد و
یەکە یەکە گەڕانەوە ناو باوەشی
مانگی خۆیان
ئەویش جانتایێکی بچکۆلانەی سپی
کە پڕیەتی لەیادگارییە سپییەکانی شار
پڕیەتی لە حەنینە سپییەکانی دوورە وڵاتی
بەرەو باکور باکوری سپی
بۆ ناو ئاپۆرە سپییەکانی شار شۆڕ دەبێتەوە
بەفر بۆی گێڕامەوە چۆن ڕما
درەخت بۆی گێڕامەوە چۆن شکا
قاپێ شیر بۆی گێڕامەوە
لە سۆنگەی چی هەڵبزڕکا
لە دوور دوورەوە نیشتمان
بەدەنگێکی کز و گریانی قووڵ





**بۆی گێڕامەوە لە بەر چی وا تێکشکا**

ئەویش ئاوڕێکی سپی سپی بەملاو بەملادا دەداتەوە
تۆزێ لە تەک ئاوبارە سپییەکەی قشڵەی کۆن ڕادەوەستێ
هەندێ سەیری هێلانە چۆلە سپییەکەی
لەقلەقە سپییەکەی خانەقا دەکا
هەناسەیێکی ساردی سپی هەڵدەکێشێ
جگەرەیێکی فلتەر سپی دادەگیرسێنێ
ئەوسا خۆی و هەموو سپییەکانی
سپییە سپی سپییەکانی
خۆی و تۆپە ریشێکی ڕەش
ڕوو لە باشوور دەکاتەوە باشووری ڕەش
دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ
ئاخ ماڵێک لە خەمێکی ڕەش
ماڵێک لە شەوێکی بێ ڕووناهی ڕەش
ماڵێک لە خەوێکی پڕ خەونی ڕەش
**گەلا بۆی گێڕامەوە چۆن سیس بوو**

# پێڕست


کتێبی سەما ........ 5
مردن لە سەما ........ 7
سەمای وەرین ........ 8
هەمیشە سەما ........ 9
سەمای زیو ........ 10
سەمای شەوق ........ 11
سەمای کۆتایی ........ 12
سەمای شەراب ........ 13
سەمای سەمایان ........ 14
سەمای بانگ ........ 15
دوا سەما ........ 16
کتێبی بوەستە تارژەن بوەستە ........ 17
تار تەنها تار ........ 19
لە دوور دوورەوە ........ 20
دیرۆک ........ 21
گەڕانەوەی تارژەن ........ 22
تروسکێ لە تاریکی ........ 24
هەڵە کۆک ........ 25
لەناو بادا ........ 27
کتێبی بێریا لە تەمتوماندا ........ 29
دەرەوەی مەرزەکان ........ 31
تای جوانی ........ 32
سەفەرێ بۆ ناو یەکەم ماڵ ........ 34
بێریا لە تەمتومان ........ 36
نەواژەنە خەمگینەکە ........ 38
شەڕە پرتەقاڵ ........ 39
بێریا لەناو بێزارییەکانی خۆی ........ 40
کتێبی مەلەکان ........ 43
باسێک لە کەوتن ........ 45
بچووک بچووک ........ 46





هەڵگرتنەوەی جریوە ........ 47
سڵاوی باڵندان ........ 48
گەڕانەوە لە بوخارا ........ 49
دیارییەکان ........ 50
بە دوای مەحاڵدا ........ 51
کتێبی زینەتی مەیفرۆش ........ 53
ئێستاش زرینگەی شووشەکانت دوور دوور دەڕوات ........ 55
ماندووبوونێکی ئەبەدی ........ 57
لەبەر پەنجەرەوە ........ 58
لەبەرخۆ ........ 59
ئەگەر هاتیەوە ........ 60
رابرد وەرەوە ........ 61
خەیاڵ ........ 62
نووسراوی سەر قاپەکان ........ 63
تا ئەبەد ........ 65
کتێبی شکانی زیو ........ 67
گرتنی ناخ ........ 69
کچانی ئیرەم ........ 71
لە ناوەندی ئاوەکاندا ........ 72
سارای رۆح ........ 73
ونبوون لە جوانی ........ 74
ترس ........ 75
بێ وەڵام ........ 76
باخەوانەکانی زەوی ........ 77
وەک ئاوێکی تەنک سادە ........ 129
قسەی عاشقان ........ 169
جانتا ........ 179
بۆم کۆ ناکرێنەوە ........ 129
پەلکی ناو قەدی کتێبان ........ 213
گوڵفرۆشەکان ........ 233
سپی هەمیشە سپی پۆش ........ 257